# تاریکترین خۆشەویستم

بەناز کوێستانی
banaz@maktoob. com

بەر لەوەی غەریبێك
لەدەرگام بدات
بەر لەوەی غەریبێك
بەسلاوێك بێتە ماڵەكەمەو
دەرگای بۆ ئاوەڵا كەم
ماڵێك دروست كەم
خاڵی لەخۆشەویستی. . !!
بەر لەوەی غەریبێك
دەستەكانم بگوشێ و
لێوەكانم بدزێ
تەنها بۆ ساتێك .... بۆ چركەیەك
نیگایەكی پڕ لە خۆشەویستی بكە
تەنها بۆ یەك چركە
تەنها ............
غەریبێك بەنیازە لە
پە نجەرەكەم بدات و لە كونی كیلۆنی دەرگاكەوە
بانگم بكات
هاتووم پرست پێ دەكەم. . ؟؟
دەرگای بۆ ئاوەڵابكەم و چەند سەرەمێكوتەیەك
لە ژەهری لێوەكانی هەڵكێشم
یان لەگەڵ وردە شە پۆلەكانی
خامۆش بم و مەلە لەنهێنی و قوڵی نیگا جوانەكانتا بكەم. . ؟
ساتە قەشەنگەكان لە نێوان زاكیرەی دووبەهاری ووشكی بێ باراندا بسڕمەوەو
ببن بە چقڵە زەردەی ژێر پێی شەمشەمە كوێرەكانی كوشتەی ئەوینت
بین بە دركە سوژنیەكان و زولفە لولەكانی نێوا نمانی پێ هەڵواسم
دەریا ئاسا شە پۆل ئەدەم
ناخی زامدارم وەك گوڵەبەرۆژەی وشكی بەرهەتاو
چۆلەكە ئاژن كراوە
من گیرۆدەی عەشقێكی كەساسم

www.kurdistannet.org
كوردستان نێت

**عەشقێکی پاکم**

**گیرۆدەی دەستی کورە قەرەجێکی کۆچەریم**
**کە هەرشەوەی لە هەوارێك رۆژدەکاتەوەو**
**هەر رۆژەی بە قەراغ ئەستێرەیەکەوە سەما دەکات**
**گیرۆدەی دەستی بوکۆکەیەکم**
**لەمنداڵیەوە دزراوە و .... خۆی لەیاد کردووە. . ناناسرێتەوە**
**نازانی لە چ حەوایەك بووە**
**لە دەمی چ مریەمێك هاتۆتە دەرێ**
**نازانێ باوکی کێیەو لە پشتی چ شۆرەسوارێکەوە هاتۆتە بوون...؟**
**هەر لەمنداڵیەوە**
**بە مۆرەو بۆڵەی جیرانەکان گەشەی کردووە. . بەلێدان و وشە رەقەکانی باوکی**
**گەزگەز باڵای کردووە**
**بە تف ونەعرەتە و کۆڵانە تاریکەکانی منداڵیدا سەفەری کردووە**
**گیرۆدەی ئەو رۆژانەم کە هێمن هێمن**
**شەقامەکانی تەی دەکرد. .**
**تاسێنراوی ئەو کاتانەم کە لە چاوی مۆنی باوکیەوە دەیروانیە ژیان**
**بێ دەنگیت لە ئاست ئەم نەعرەتەی ئەهریمەنە. . ترسانە. . راکردنە**
**لە راستییە شاراوەکانی ناخت. . مردنێکی لە سەر خۆی جەستە شەکەت و ماندووەکەتە**
**گیرۆدەی نهێنیەکانی دەریاو فرمێسکی کوکوختیەکانم**
**گیرۆدەی دەنگی کپ و شاراوەی قوڵایی رۆحتم**
**تاریکترین خۆشەویستیم**
**رەشترین تارمایی باغی خەونەکانم**
**رابە و هێمن هێمن ببارێ و ترسان و دڵەڕاوکێکانی منداڵیت بشۆرەوە**
**سەرلەنوێ دروست بەرەوە**
**من شاعیر نیم بتخولقێنم**
**بەڵام تۆ شیعرێکی تەڕو ناسکی**
**شیعرێك کە منت قووت داوە. .**
**شیعرێك منی خواردۆتەوە.**
**بوویتە شیعرێکی جادوو هەڵم ئەدەیتە هەناوی**
**تاریکترین خۆشەویستم. .**
**رابەو هێمن هێمن. . بمناسەوە. . من هەر ئەو کەسەم**
**بۆ یەکەم جار فرینی چۆلەکەکانم پیشان دای**
**گریانی درەختەکانم پێ ناساندی. . یەکەم فرمێسکی بەهارم**
**بەگەڵای دار بییەکەوە نیشاندای**

چاوەکانت بکەرەوە . بەمشتێك لەچۆڕاوگەی بارانی بەهاران بیشۆرەوە
چاوەکانت بکەرەوە . سەیری نێو لەپو پە نجەکانت بکە .
هێشتا ئاسەواری دڕکە زیپەکانی هەرزەیی پێوە دیارە .
تاریکترین خۆشەویستم .
رەشترین تارمایی باغی خەونەکانم
چاوە گوڵە بەرۆژییەکانت داخەو
پە نجەکانت لەنێو پە نجەکانم دانێ
وەك دوو کوکوختی باڵ شکاو
وەرەو پیاسەیەکی مارۆنی
بەنێو کۆڵانەکانی عەشقا بکەین .
تێر سەما بکەین
بگرین
پێ بکەنین
جەستەمان بەفرمێسکی نەورەسەکان بشۆینەوەو
لەبریسکەی چاوی پشیلەیەکیشەوە
بچینە رەشترین مەملەکەت .
دەست لەملی خەونە زەردباوەکانی سەرابێك بکەین .
تاریکترین خۆشەویستم
من گیرۆدەی عەشقێکی کەساسم
عەشقێك سەرتا پای سوتاندوم
عەشقێك جەستەمی رزاندووە
عەشقێك رۆحمی مراندووە .
لەنێوان هەر هەنگاوێك و هەنگاوێکی تردا
عەشقێك لەدایك دەبێ
لەگەڵ باڵا بوونی هەر دار سنەوبەرێکدا
عەشقێك باڵا دەکات .
لەگەڵ لەدایك بوونی هەر رۆحێکیشدا
عاشقێك دەمرێ
من سێبەری حەزێکی نەزۆکم
لەدڵی تاریکترین خۆشەویستم
تۆ کەشتیوانێکی دڵ رەقی
بەرقەوە سەوڵ لەدەریای حەزەکانم دەدەی
منیش کەشتییەکی غەمگین و تووڕەم
بەردەوام لەناو دەریای خەمی خۆمدام .

www.kurdistannet.org
8-3-2003 23:08

تۆش کەشتیوانێکی دڵ ڕەقی. .

بەدەستە زبرەکانت

گوڵە سەرئاوکەوتووەکان دەوەرێنی

من تووڕە. . ؟

تۆ دڵ ڕەق. . ؟

من عاشق. . ؟

تۆش ڕاکردوو. . ؟

دنیایەکی چەند غەدارە

شارێکی چەند بچکۆلانەیە

جێی دوو عاشقی تووڕەو

دڵ ڕەقی تیادا نابێتەوە. . !!

نازانم من تاریکترین کەسم

یان تۆ خۆشەویسترین تاریکیی. . .

٢٠٠٢/٤/٢٦لە کۆڕێکی شیعری

لە چەمچەماڵ خوێندراوەتەوە. .

www.kurdistannet.org کوردستان نێت